# نامەیەک بوخەڵک ، نامەیەک بو دەسەڵات

**سلیمان عبدی**



سه ر دیری ئه م نوسراوه یه سه با ره ت به کار و چالاکیه کانی حکومه ت و ده سه لاتی کوردی و هه ر وه ها ئه رکی هاولاتیان و کومه لگایه ، به لام به پیویستی ده زانم له پیش دا با س له ئه رکی سه ر شانی هاولاتی و خه لکی مه ده نی بکه م وه له دواجار بچمه سه ر باسی ده سه لات .

ئه رکی خه لک چیه ؟ ئه م پرسیاره ئه کری له چه ند به ش لیکولینه وه ی لی بکری ، ئه رکی خه لک به رامبه ر به یه ک وه هه روا به رامبه ر به ده سه لات وه به رامبه ر به ژینگه .

**1– پاراستنی ژینگه:** یه کیک له ئه رکه سه ره کیه کانی ها ولاتیان و به شدارانی هه رکومه لگایه ک هه ست به به ر پرس بون سه باره ت به ژینگه یه ، پاراستنی ژینگه ئه توانی له جوانی ولات وسه لامه تی و له ش ساغی هاوولاتیان وه هه روا به زایه نه چونی سه رمایه سروشتیه کان ، کارتیکه ری بیت ، جگه له وه ولاتیکی جوان و رازاوه ئه توانیت بو توریسته کان(جیهان گه رد) سرنج راکیش بیت وه پتر له وه ئیمه به پارستنی ژینگه ی خومان له سه ر نه وه ی دواروژ کار تیکه ری مان ئه بیت وه ئه بینه هوی بته و کردنی بنه مایه کی که لتوری که ئه توانین به متمانه یه کی زورتره وه ولات و ژینگه راده ستی نه وه کانمان بکه ین وه هیچ ترس و دله راوکه یکمان سه باره ت به له به ین چونی ژینگه نه بیت ، که یه کیکه له بنه ماکانی سه ره کی ناسنامه یی هه ر تاکیک دژ به نامویی له ولاتی خوی.

**2– ریز گرتن له یاسا** : یاسا واته مه ده نیه ت له دونیای ئه ورو ، تا چ راده یه ک تاکی کورد ریز له یاسا ده گریت ؟ له راستی دا ریز گرتن له یاسا ئه رکی سه رشانی هه ر تاکیکه بگره له گه وره به رپرسانی حکومی تا ئه گاته هاوولاتیه کی بویاخ چی . جیی داخه که جار ناجاریک سه رپیچی کردن له یاسا له لایه ن که سانیکه وه ئه بینریت که خویان له دانانی یاسا دا ده ستیان هه یه . به لام ئه گه ر بو نمونه ئه فسه ره یکی به شی هاتو چو چاوپوشی نه کات له پی شیل کردنی یاسا چ له لای به رپرس و چ له لای کابرایه کی مه ده نی ، ئه وسا ئه توانین بله ین کیشه کان له ته واو بون دایه ، به لام ئه وکاته ی من پی شیل کاری کاربه ده ستیکم دیت و ئه مه م کرده دارده ستو به هانه یه ک بو پی شیل کردنی یاسا ئه وسا کومه لگا به ره و تواوه وه و له به ین چون ئه چیت واته ئیمه له هه مو کومه لگایه ک که سانیک ئه بینین که ریز له یاسای ولاته که یان ناگرن و پی شیلی ئه که ن وه به شیک له م که سایه تیانه کاربه ده ستانی هه مان ده سه لاتن که یاسا که ی تی دا به دی دیت به لام ئه وه نابیته هوی ئه مه ی که له وه به ولا هه رتاکیک دژ به یاسا بیت و پی شیلی کات. بو نمونه یاسای جگره نه کیشان له جیگا گشتیه کان ئه گه ر له لایه ن منی تاکه وه ریزی لی بگیریت سبه ی کومه لگاکه م روبه روی پی شیل کاریه گه وره کان دژ به یاسا وه کو کوشتن و دزین و رفاندن و .. نابینه وه .

**3– ریز گرتن له که مینه کان** : بو ماوه یه کی زوره که کورد له روژهه لاتی ناوه راست وه کو که مینه یه ک چاو لیکراوه وه توشی ئه نفال و کیمیا باران و کوچ و دزین و هه زاران به لا و نامه تی که بوه ، به لام ئه ورو به شیک له کوردستان واته کوردستانی باشور له هه لو مه رجیکی جیاواز دایه وه تا راده یه ک به پشتیوانی ولاتانیکی وه ئه مریکا گه یوه ته هه ندیک له خه ونه کانی جا چ باشه ئه و نه ته وانه یتر و ئه و کومه له خه لکانه ی تری که له ئه م خاکه پاکه دا له گه لمان ده ژین به شیوه یه کی مرووانه

له گه لیان هه ل سو که وت بکه ین ، به و شیوه یه ی له روژانی رابردو پی مان خوش بو له گه لمان بکریت و مافه کانمان پی شیل نه کریت . ئه ورو له کوردستانی باشور کومه لیک له ئاشوری ، که لدانی وسریانی هه روا کوردی ئیزه دی له گه لمان ده ژین که به دریژایی میژو له گه لمان خه باتیان کردوه و نه ته وه کانی عه ره بو تورکمانیش که به شیکن له دانیشتوانی جوگرافیای کوردستان ئه بیت وه کو هه ر هاوولاتیه ک مافیان بپاریزریت و پی شیل نه کرین ئه م نه ته وانه سه رمایه ی دموکراسین وه به بونه ی ئه م جیاوازیانه وه وه هه روا هونه ری ئیمه له به رپرس بون و ریز گرتن له مافی ئه م نه ته وانه دایه که ئه بینه نمونه یک له دموکراسی نه ته نیا بو روژهه لاتی ناوه راست به لکو بو جیهان .هه لبه ت دیاره که جوگرافیایه کی ئارام و ئازاد ئه توانیت ئابوری و بازه رگانی ئه م ولاته ببوژینینه وه .

**4- پاراستنی مافی ژنان و مندالان:** ژنان و مندالان له دونیای ئه ورو وه به تایبه ت له ولاتی ئیمه روبه رو په لاماری توند و تیژی بونه ته وه ، کی هه ست به به رپرسی ده کات؟ تا که ی هه ر ئه بی ئه رکه کانی سه رشانی خومان بخه ینه ئه ستوی ده سه لات؟ با وه کو هه ر مرووییک هه ست به ئه م ئه رکه بکه ین وه دژایه تی خومان له ماله کانه وه به رانبه ر به م توند و تیژییه ده ربرین وه له دواروژ دا کومه لگا که مان له م تاوانه بسرینه وه ئه و پیاوه ی که هیچ مافیک بو خیزان و هاوسه ری خوی له ژیان دا دانانیت له دواروژدا توند و تیژی دژ به کچ و خوشکی خوی ئه بینیته وه ئه مه له لایه ن کومه لناس و ده رون ناسه کانه وه سه لمیندراوه که ئه و بنه مالانه ی توند و تیژی به رانبه به مندال و ئافره تی تیدایه کارتیکه ریان ده بیت له سه ر نه وه ی دوا روژ . ئه و کوره ی له مندالیه وه توند و تیژی به رانبه ر به دایکی خوی دیوه له دواروژ دا هه مان توندو تیژی له ژیانی خوی دژ به خیزانی به کاردینیت وه ئه و کچه ی که له بنه ماله دا هیچ مافیکی پی نه دراوه وه هه روا دایکیکی چه وساوه ی بوه له ژیانی دوا روژی دا که به رانبه ر توند وتیژی ده بیته وه هیچ نالیت وخوی ده خواته وه وه پی وایه ژیان هه رده بیت وابیت . با له ئه ساسه وه فیری ریز گرتن له یه ک بین وه کاریک بکه ین ژنی کوردیش وه کو هه ر تاکیک به بی له چاو گرتنی ته مه ن و جنسیه و ره نگ ، مافی به رانبه ری هه بیت ، وه ئه بی بزانین به بی بونی ژنانی وا ئازاد ، پیاوه کانیشمان له باری ده رونیه وه ته واو نین وه هه ر وا مندالانی ئه م ولاته که نه وه ی دوا روژی ئه م نیشتمانه ن ئه بیت ریزیان لی بگیریت تا له دواروژ ریزمان لی بگرن ، ئه بی ریزیان لی بگیریت تا له دواروژ دا هه ست به چوساوه بون نه که ن وه له دوای توله کردنه وه له کومه لگا نه گه رین ، ئه بی ریزیان لی بگیریت له به ر خویان له به ر خومان.

**5-کار کردن وه ک ئه رکی نه ته وایه تی:** هه رتاکیک ئه بیت کار بکات هه وه ل له به ر خوی و خیزانی که ئه ساسی ژین به سه ربردن و به ریوه چون له م جیهانه ، کار کردنه ، وه دوهه م له به ر کومه لگاکه ی که به کار کردن ئه بیته هوی بوژاندنه وه ی ئابوری ولاتی خوی . به داخه وه ئه ورو به شیکی زور له کومه لگای کوردی چاوه ری ده ستی حکومه ته و به هیوایه کیشه ئابوری و خیزانیه کانی له لای ده سه لاته وه چاره سه ر بکریت به لام ده لیم ئه م ئه رکه له پیشدا ئه رکی خوته وه ئه گه رخوت دلسوزیت به رانبه ر خوت نه بیت ده سه لات چون ئه توانیت سه رپه ره شتی تو بکات؟ هه مو ولاته پیشکه وتوه کانی جیهان له سه رئه ساسی به رپرس بونی تاکه که سه کانی کومه لگاکه یان سه ر که وتنی ئابوریان به ده ست هیناوه . لاوانی ولاتی ئیمه له خاکی خویان هیچ ناکه ن جگه له تاوانبار کردنی ئه مو ئه و ، به لام له هه نده ران و دوروولات هه مو کاریک بگره خاوینکردنه وه ی کوچه و شه قام و کوکردنه وه ی زبله ش ئه گرنه ئه ستو.

به لام ئه رکی ده سه لات چیه؟ ئه م پرسیاره زور جار هاتوه ته ئاراوه وه من هه ول ده ده م هه مویان له چه ند خالیک دا کوکه مه وه .

**1–یه ک لایی کردنه وه ی کیشه ی کاره با:** کیشه ی کاره با گه وره ترین کیشه ی ئه ورووی کوردستانه وه باشه بزانین پیشکه وتن و بوژاندنه وه ی ئابوری له سه ر ئه ساسی کاره بایه وه ئه گه ر ئه م کیشه یه به زوترین کات له به ین نه چیت ناتوانین له م هه ل و مه رجه ی ئه ورو بو مان ره خسیوه به باشترین شیوه که لک وه رگرین . ته نیا نابیت به هیوا بین کاره با له گاز و نه وت به ده ست بینین چون به کار هینانی ئه م سوته مه نیانه بو ژینگه خراپه وه هه روا زور گرانه . ئیمه ئه توانین بیر له وه ده ست خستنی کاره با له <u>وزه ی ئه توم</u> ، <u>وزه ی با</u> ، <u>وزه ی خور</u> وه <u>گه رمای ژیر زه وی</u> بکه ینه وه . بو ئه م مه به سته ئه بیت پسپوری ناوخویی ئاماده کاری بو بکریت و له بواری ئاکادیمیکه وه کاری بو بکه ین ، هه روا وه زاره تی کاره با ئه بیت به باشترین شیوه له سه ر دابه ش کردن و نرخی کاره با کونترولی هه بیت . ئه بیت زور به باشی بزانین ئه گه ر له دواروژیک دا کوردستان بیه ویت سه ربه خوی خوی را بگه ینیت زور به ئاسانی له لایه ن تورکیا و ئیرانه وه ئه و به شه کاره بایه ی وه ری ده گریت راده گیریت و لی ئه ستیندریت وه ئه بیته هوی کیشه ی گه وره واته کاره با زور گرینگه وه ئه رکی سه ره کی ده سه لاته وه ئه مه به مانای نه بونی گرفت له ئاوی خواردن و پیساوی مالان دا نیه هه ر وا ئه بیت کار بکری بو ئه م بوارانه و نه هیشتنی که می ئا وی خواردن وه راکیش کردنی پیساوی مالان بو ده ره وه ی شار به شیوه یه ک که نه بیته هوی مه ته رسی بو ژینگه له م بواره ولاتانی پیشکه تو ئامراز و تکنولوژی باشیان هه یه که ئه توانین که لک یان لی بگرین .

**2–بته و کردنی بنه مای ئابوری(تکنولوژیای سه رده م – کشت و کال):** بو به هیز کردنی زیاتری بنه مای ئابوری کوردستان ئه توانین له مودیلی ولاتانی پیش که وتو له م بواره دا که لک وه رگرین ، مودیلی **ئیمارات– کوریای باشور** مودیلیکی باشه ، ئیمیارات له بواری بازه رگانی زور پیشکه وتوه وه ئه توانین له م ولاته که لک وه رگرین به لام ئه م ولاته پیشکه وتنی سه نعه تی به خویه وه نه دیوه وه بو ئه وه یکه ولاتی کوردستانیش ته نیا نه بیته ولاتیکی بازه رگانی و بازاری شت و متی بیانی و له بواری پیشه سازی و تکنولوژیاش پیش که وتن به خویه ببینیت ئه توانین له مودیلی کوریای باشور که لک وه ر بگرین . ئیمه ئه توانین له سه ر کشت وکال و بواره کانی کار بکه ین بو ئه م مه به سته ولاتیکی ده وله مه ندمان هه یه وه ئه توانین له خاوه ن سه رمایه بیانیه کان و سارمایه داره کانی کوردی ده ره وه ی ولات و هه روه ها خاوه ن سه رمایه ی ناوخو یارمه تی وه رگرین وه پشتیوانیه کی زور له خاوه ن سه رمایه ئه بیته هوی ده وله مه ندی ولاته که مان له بواری ئابوریه وه .

**3– بته وکردنی سیستمی فیرکاری و قوتابخانه کانی کوردستان:** به باشی ئه زانین که چه ند قوتابخانه کان و ئاکادمیاکان کارتیکه ریان له سه ر پیش که وتنی ولات دا هه یه ، ئه بیت له م بواره ش دا ده سه لاتی کوردی ئه رکی گه وره بگریته ئه ستو وه بو ئه م مه به سته زمانی کوردی یه ک گرتو یه کیکه له کیشه گرینگه کان که هه رچی زوتر ئه بی ده سه لاتی کوردی یه کلایی کاته وه ، وه گورانی پیتی کوردی له عه ره بیه وه بو پیتی لاتین ئه بیته هوی ئاسان کاری له فیربونی زمانی کوردی بو بیانیه کان وه هه روا بو مندالانی کورد چون به باشی ئه زانین له بواری زمانه وانیه فیرکردنی وشه کان ودابه زاندنی ئه م وشانه له سه ر پیتی عه ره بی زور سه خته ، جگه له وه ئه بی بایه خی زورتر به زانکوکانی کوردستان بدریت به شیوه یه ک که بتوانین خویندکاری ولاتانی ده وروو پشت یش بگرینه خو وه ئه مه خوی له بوژاندنه وه ی ئابوری کوردستان رولی هه یه ، بو ئه م مه به سته ئه بیت کیشه ی سه ره کی زانکوکانی کوردستان له ناو به رین . هه روا به دامه زراندنی زیاتری قوتابخانه نیو نه ته ویه کان وه له لایه کی که وه به گرینگی دان به زمانی ئنگلیزی وه کو دوهه م زمان له دوای زمانی کوردی له قوتابخانه کان ئبینه هوی بته و کردنی په یوه ندی که لتوری له نیوان گه لی کورد ولاتانی روژئاوا .

**4– وه گه ر خستنی پیوه ندیه ده ره کیه کان:**په یوه ندیه ده ره کیه کانی ئیمه له حاستیکی باش دایه به لام له گه ل ولاتانی ناوچه نه مان توانیوه په یواندیه کی باش وه ده ست خه ین ، هه لبه ت ئه م سیاسه

تانه ی ئیران و تورکیه له به رانبه ر کوردستان پیشبینی ده کرا ئیران ته نیا له حاستی به رپرسی پاریزگایه ک له گه ل کوردستان په یوه ندی ده کا و تورکیه ش له م حاسته تی ناپه ریت ده س پیشخه ری ده سه لات دارانی کوردستانیش هیچ ده سکه وتیکی لی ناکه ویته وه به لام ئه گه ر ئیمه له گه ل ولاتانی گه وره و زل هیزی جیهان وه کو ئه مریکا و فه رانسه و ئه لمانیا و ... په یوه ندیمان هه بیت ئه توانین ترمینالیکی گه وره ی سیاسی له کوردستان بکه ینه وه به شیوه یه ک که ولاتانی ناوچه ش دان به مافه نه ته وایه تیه کانمان دابنین.

**5- به هیز کردنی ئاسایش و ئارامی ناوخو:**ده سه لاتی کوردی ئه بی له بته وکردن و پر چه ک کردنی پیشمه رگه کانی ئاسایشی ولات تی بکوشیت وه هه روا پشتیوانی مالی له پیشمه رگه ئه توانیت ئاسایشی زورتر پیک بینیت . له لایه کی که وه ئه بی حیزب و پارته کوردیه کان له چه ک داماڵدرین و ئه و به شه ی که کاری نیزامیان له پارته کان به تایبه ت دو پارتی سه ره کی له ئه ستو دایه بچنه ژیر چه تری ده سه لاتی کوردیه وه وه پارته کان مه ده نی بکرین و به شیوه یه کی روژئاوایی و ئاکادمیک ئیش بکه ن . به داخه وه ئیمه کومه لگایه کی نه خوینده وارمان هه یه و ئیستاش نه زانی و که له ره قی له نیومان دا ماوه بویه بو ئه م مه به سته ئه بیت سه روک و ئه ندامه پایه به رزه کانی پارته کوردیه کان

ده س پیشخه ریان بیت و بو پیک هینانی ئاسایش و ئارامی و تیک گه یشتن هه ول بده ن که به خوشحالیه وه دو پارتی زل هیزی کوردی ( پارتی و یه کیه تی ) له دوای ئازادی گه لانی عیراق به باشی له گه ل یه ک و پارته کانی که ی کوردستان دواون به لام ئه مه ته واو نیه و پیوستیمان به تیگه یشتنی زورتر هه یه تا هه رگیز شه ری ناوخومان لی نه بیته وه وه به یه ک گرتن ئه توانین ببینه جیی هومید بو به شه کانی که ی کوردستانیش وه بو

ئه م مه به سته ئه بی تلیزون و روژنامه و سایته کوردیه کان یاسای تایبه تیان بو بلاوکاری هه بیت وه تا سنوره کان نه به زینن ، به تایبه ت که ناله تلیزونیه کان ئه توانن رولی سه ره کیان له یک گرتویی نیشتمانی هه بیت . هه روا سیستمی ئیداری حکومه تی کوردی زور گه وره یه و ئه بی چکوله کریته وه که ئه مه خوی له سه ر باشتر به ریوه چونی کاره ئیداریه کان و بوروکراسی ده سه لاتی کوردی کارتیکه ری ئه بیت . سه باره ت به مادده ی 140 ئه بیت به باشی بزانین گه رانه وه ی که رکوک و به شه دابراوه کانی کوردستان له سه ر ئه من و ئاسایشی کوردستان کار تیکه ری ئه بیت بو ئه م مه به سته ئه بیت ئیمه ئاماده یی سیاسی و نیزامی مان بو گه رانه وه ی ئه م به شه دابراوانه هه بیت و هه روا له نوسراوه کانی پیشوم سه باره ت به که رکوک دواوم وپیم وایه سیستمی ریپورتاژی شاراوه بو له به ین بردنی کاری تیروریستی و دژ به مرووایه تی پیوسته و ئه بیت بو پاراستنی مافی گه لانی که ی کوردستان ئاماده یی زیاتر مان هه بیت تا ئه منیه ت و ئاسایشی ولات نه که ویته مه ترسی ناحه زانی گه له که مانه وه . هه لبه ت ده سه لات ئه بی کار بکا بو له به ین بردنی کیشه ی نیشته جی بون و بیکاری که ئه م دو کیشه یه ئه ورو جیهانی بوون.

له ئا خر دا ئه توانین بله ین روناکبیران و پسپورانی ولاته که مان ئه بی زیاتر بیر له ئاسایش و ئارمی ناوخو بکه نه وه ، دیموکراسی زور گرینگه وه هه لبه ت پاراستنی دیموکراسی گرینگتره ، بو ئه م مه به سته ریکخراوه مه ده نی و نیو نه ته وییه کان ئه توانن رولیکی گرینگ بگیرن وه روناکبیری کورد نابیت له م بواره دا دوره په ریز بیت و خوی له ئه رکه کانی بشاریته وه هه روا له گه ل لایه نگری له دیموکراسی ، نابیت ئاسایش و ئارامی ، که ئه بنه بنه مای دموکراسی له بیر کریت.

skbukan@gmail.com

**سلیمان عبدی**

**پسپوری بواری کومه لناسی**